www.kurdistannet.org
15-1-2003 9:18

# کۆنگرەی پیاوانی عێراقی لە لەندەن!

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

خوشکی پێشمەرگەیەك بەپێی نەریتی سیاسی بەعس لەبری براکەی زیندانی کرا، لەزینداندا ئەتك کرا، پاش ئازادکردنی لەو زیندانە، خێزانەکەی بەرگەی ئەم عارەیان نەگرت، بۆیە لەسەر دەستی هەمان برای (پێشمەرگە) کوژرا.

کچێکی عێراقی پاش دەربازبوونی لەسنووری عێراق، یەکێك لەتاوانەکانی (عودەی) ی لەدەزگاکانی راگەیاندن بلاوکردەوە، (نەجلی سەددام) پاش ئەتککردنی بەمۆری ئاسنین ناوی خۆی لەسەر ئەندامی سێکسی ئەو کچە داغ کردبوو. ئاخر سەددام و کورەکانی شوێنی هەندێك لەخەلیفە رەفتار شێواوەکانیان گرتۆتەوە، تائێستاش لای ئەوان شەریعەتی جاریەو کەنیزەك بەدەوامە، بۆ نموونە (المتوکل) لەگەڵ ٤٠٠٠ جاریە جوتببوو!! (هشام بن عبدالملك) بەپێی ئەو دەسەلاتەی هەیبوو، هێندە زۆر ژنی ئەتککردبوو، وایلێهات بلێ: (لە "سێکس کردندا" ژن و دیوار وەکو یەکیان لێهاتووە لام) !!

ئافرەتانی کوردستان و عێراق هەمیشە لەپیاوان زیاتر قوربانیان داوە، هەر لەژنانی پاشماوەی ئەنفال و کیمیابارانی هەلەبجەوە بیگرە تا بێوەژنەکانی هەموو شەرەکان. ئەوانەی شەرەکانیان هەلدەگیرساند پیاو بوون، تێکچوونی باری کۆمەلایەتیو ئابووری ولاتیش ئەنجامی شەرەکان بوون، دیاردەی لەشفرۆشی پەرەی سەندو دیسان ژن بوو بەقوربانی. چونکە بەپێی یاسای عێراقی تەنیا لەشفرۆش و ئەو کەسەی کارەکەی بۆ رێك دەخات تاوانبارن (یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە ٨ی سالی ١٩٨٨) بەواتایەکی دیکە، بەپێی ئەم یاسایە، لەشفرۆشتن قەدەغەیەو کرینی یاساغ نییە. تائەمرۆش لەکوردستاندا ئەم یاسایە کاری پێدەکرێ قوربانیەکانیشی زیندانی ژنانیان تەژی کردووە، تاوانبارە راستەقینەکان (کەپیاون) ئازادن و دەسەلات و بریار لای ئەوانە!

بۆ ئەوەی لەکرۆکی بابەتەکەم دەرنەچم، دەگەرێمەوە بۆ کۆنگرەی پیاوانی عێراق لە لەندەن لەژێر ناونیشانی (رزگارکردنی عێراق و دەستبەرکردنی دیموکراسی) ، جگە لەوەی کەمی ژمارەی ئافرەتی بەشداربوو لەکۆنگرەکە جێگەی رەخنەی چاودێران بوو، رزگارکردنی ئافرەت و یەکلاکردنەوەی کێشەکەی بابەتێکی لەبیرکراو بوو، لەمەش زیاتر خالی سێیەمی بەیاننامەی سیاسی کۆنگرە بوو: (ئیسلام ئاینی دەولەتە) و لەنەگۆرەکانی (ÊÈÇæÊ) ی دەولەتی عێراقەو، حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی سەرەکییە لەسەرچاوەکانی یاسادانان و. . . . رێبازو تەعالیمەکانی لەبوارەکانی رۆشنبیریو راگەیاندن و بەرنامەی خوێندن و پەروەردەدا رەچاو بکرێت، لەگەڵ رێزگرتنی هەموو ئاینە ئاسمانیەکان و باوەرەکانی دیکە) . واتا دەبێ لەسیستەمی عەلمانییدا کە چاوەروان بووین مالئاوایی بکەین. جانازانم لەفیدرالستانی داهاتوو دۆخەکە هەر بەم شێوەیە (پیاوانە) دەبێت، یاخود دەتوانین لەلکاندنی دین بەدەولەتەوە شوێنەواری مافەکانی مرۆڤ بدۆزینەوە؟

Avinfatah@hotmail. com

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣